www.kurdistannet.org
8:27 2006-10-11بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئەم شێوە خۆتووند کردنە خۆبەکەم زانیینە؟!. ... جەمال فەتاح**

دیارە وتارێکی من کەلە سەر ڕوپەڕی کوردستاننێت بڵاوکرایەوە زۆرکەسی تەنگەتاوکردووە، بۆیە وا بەتێکچون وهەڵەشەو هاڵەدەوان پەلاماری کۆمپیۆتەرەکانی خۆیان داوەو هاتوونەتە سەر هەرەشە نووسین یان فوکردنە خۆو خۆبە شت زانین وخەڵکیتر بەکەم زانین، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتەش لەمێژە باوە لەلای کەسانی لاواز نووس، بۆیە نووسینەکانیشیان هەر بەقەدەر خۆیان حسێبیان بۆئەکرێت؟!.
ڕاستو ڕەوا وایە مرۆڤ گشت سنورەکان نەشکێنێت وهەر مرۆڤێکیش پێویستە سنوری خۆی بزانێت، یاسای ژیانی سەردەمیش هەروایە، چونکە گەرمرۆڤ ڕێگای بەخۆیدا کەهەموسنورەکان ببەزێنێت ئەوکاتە ئەو مرۆڤە بییەوێت یان نا ئەبێتە مرۆڤێکی بەربەری وزۆربلێ وئەوکاتە زۆربلێش کەس گوێی لێ ڕاناگرێت.
بەداخەوە هندێک لەکورد کە هاتوونەتە ئەوروپا ئیتر ئازادی ئەوروپایان کەڵک لێوەرگرتووە بۆدژایەتی کردنی دەستی بڕیاردەری کورد، بەبێ ئەوەی لەو دژایەتی کردنەدا هیچ یاسایەکی نووسین ڕچاوبکەن یان گوێ لەهیچ بەندو باو ویاسایەکی کوردی ونێدەوڵەتی ڕابگرن، بەدیدی من ئەمەش سەرلێشێوان وسایکۆلۆگی تێکچوونە نەک کەڵکی کورد یان هونەر وبەهرە.

هەندێکیان هەموروناک بیران یان هەندێکیان هەموشۆڕشگێرانی کورد یان هندێکیان سەرۆکی هەرێمی کوردستان وهەندێکیان شەهیدە سەربەرزەکانیش بەهێرو بەگێل وبەدزو بەهەوەس باز وهتد.. ئەژمێرن بێئەوەی جیاکارییەک لە بەناونووسینەکانیاندا بخوێنیتەوەلەنێوان، دزێک وبەربەرییەک وگەندەڵکارێک وسەربەرزێک وپێشمەرگەیەک وجاشێک وخودا خوازێک وهەوس بازێکیان پێکەوە بەیەک چاو سەیرکردووە، ئەم جۆرە بۆچونانەش تاکوئێستا بەرانبەر بەکورد تەنها بۆچوونی دوژمنانی نەتەوەکەمان بوون؟!نەک دۆستان وڕووناکبیرانی کورد.
ئەم جۆرە نواندنەیان ئەو ئافرەتانەم یاد ئەخاتەوە کە لەکتێبی گێلەپیاوی عەزیزنەسین دا لەبەر قورسی باری دەروونیان ئەچون شکاتیان لەگێلەپیاو ئەکرد هەرکەسێکیان بەبیانوێکی هەڵبەستراو، دیارە هەرکەسیش خاوەنی کێشەیەک یان چەند کێشەیەکی دەروونییە بەتایبەتی ئەوانەمان کەلەئەوروپاین، ئەمەش ناکرێت ئەگەر وردترین کێشە ڕووی کردە دەروونمان یەکسەر دەستبدەینە کیبۆردە کانمان وبەسەروگوێلاکی سەرۆکی کوردستان ودەسەڵاتی کوردستاندا بێینە خوارێ؟!.
ڕەخنەو پێشنیارو سەرنجی بەجێ بۆبەهێزکردنی پێگەی کورد و دەسەڵاتی هەرێم وپاککردنەوەی لەهەر جۆرە دزو گەندەڵکارێک بەشێوەیەکی ئەکادیمی ودروست ئەرکی سەرشانی هەر کوردێکە، هەروەک دوژایەتی کردنی دوژمنانی نەتەوەکەمان ورەگەزپەرستان وداگیرکەرانی کوردستان ئەرکی سەرشانی ڕابوردو وئێستاو ئایندەمانە.
ئەگەر هەرکوردێکیش نەختێک ئاوەزی سیاسی وڕۆشنبیری هەبێت وباری دەروونی تەواوبێت، بەناهەق وبەبێبەڵگەی بەجێ پەلاماری سەرۆکی هەرێم وهیچکەسیتر نادات؟!کەسانی سەر لێشێواو ودەرون نەخۆشیش گلەییان لەسەر نییە؟!!..

جەمال فەتاح
لەندەن
2006/9/8